# کچە جوانەکەی بازرگان


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کچە جوانەکەی بازرگان

## چیرۆک بۆ منداڵان

وەرگێڕانی

## عەزیز رەشید هەریری

وێنەکێشانی

## شێروان موحسین



ناوی کتێب: کچە جوانەکەی بازرگان- چیرۆک بۆ منداڵان
وەرگێڕانی: عەزیز رەشید هەریری
وێنەکێشانی: شێروان موحسین
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٠٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢١٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# مریشکیش زێدی خۆی لەبیر ناکات

زۆزگ دەمێک بوو نیگەرانی دایگرتبوو، لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە، پاشان ڕووی لە دایکی کرد و پێی گوت:

"دایە گیان، دەزانی مریشکەکەم لەنێو کۆلیتەکەیدا نەماوە و، لە هەر شوێنێک بۆی دەگەڕێم دیار نییە و نایدۆزمەوە!".

دایکی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

"زۆزگ گیان، نیگەران مەبە، ماوەیەکی دیکەش چاوەڕوان بە، دڵنیام مریشکەکەت خۆی دێتەوە".

بەڵام دیاربوو زۆزگ بەم قسانەی دایکی دڵی دانەدەکەوت؛ چونکە هێندە مرشکەکەی خۆش دەویست، نەیدەتوانی بیری نەکات و، وازی لێ بێنێت، لەبەرئەوەی هەر کە لە هێلکە دەرچووبوو، خۆی پەروەردەی کردبوو. بۆیە بەپەلە لە ماڵ وەدەرکەوت و کەوتە سۆراغی مریشکەکەی، لە زۆربەی برادەرانی گەڕەکەکەی خۆیانی پرسی، کەسیان شتێکی لە بارەیەوە نەدەزانی. لەپڕ زرنگی هاوڕێی گوتی:

"زۆزگ گیان، وەک بیرم بێ، پێش یەک دوو سەعات مریشکەکەی تۆم لەگەڵ کۆمەڵە مریشکێکی تر لەم شوێنەدا بینی، دانیان دەخوارد، بەڵام نازانم بۆ کوێ چوون".

زۆزگ زۆر بەشوێن مریشکەکەیدا گەڕا تا هیلاک بوو، هیچ سۆراغێکی بۆ نەکراو، بۆی نەدۆزرایەوە. بەرەو ماڵ گەڕایەوە و، لەبەر خۆیدا هەر بیری لەوە





دەکردەوە، کە چۆن ڕۆژانە لەم کاتەدا دان و ئاوی دەدایە مریشکەکەی و، پاشان دەرگای کۆلیتەکەی لێ دەگرت، باشە دەبێ ئەمڕۆ کێ دان و ئاوی بداتێ؟"

هەر لەم بیرکردنەوەدا بوو، چەند هەنگاوێک بەرەو کۆلیتەکە ڕۆیشت، هەستی بەچرپە و جووڵەیەک کرد، نەختێ چەمایەوە و، سەیرێکی نێو کۆلیتەکەی کرد، بینی مریشکەکەی وا لە ژوورەوە کڕ کەوتووە.

زۆزگ لە خۆشیانا نەیدەزانی چی بکا، زۆر دڵخۆش بوو، خێرا بەرەو لای دایکی ڕایکرد و پێی گوت:

"دایە... دایە گیان، مریشکەکەم دۆزییەوە، وا لە کۆلیتەکەدا کڕ کەوتووە".

کوڕە شیرینەکەم، ئەی پێم نەگوتی نیگەران مەبە! خۆی دێتەوە و تۆ بەجێ ناهێڵێ، چونکە هیچ کەس و هیچ گیان لەبەرێک ناتوانێ ئەو شوێنە لەبیر بکات، کە تیایدا لە دایک بووە و، لێی گەورە و پەروەردە بووە. مریشکەکەی تۆش هەرگیز کۆڵیتەکەی خۆی بەجێ ناهێڵێ، ئەم شوێنە فەرامۆش ناکات و، زێدی خۆی و تۆشی لەبیر ناچێتەوە...



# کچە جوانەکەی بازرگان

لە دێر زەمانەوە بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند و کەڵەکەباز دەبێت، ئەو بازرگانە کچێکی تاقانە و زۆر جوانی دەبێ، لەبەرئەوە شانازی بەماڵ و سامان و، کچە جوانەکەی خۆیەوە دەکات و، هەمیشەش پاشایانە بیر دەکاتەوە.

زۆری پێ ناچێ کچەکەی گەورە دەبێ و، کاتی شووکردنی دێت. زۆر خوازبێن دێن بۆ داوای کچەکەی، بەڵام بازرگان هەمیشە لە خەیاڵی ئەوەدا دەبێ کچەکەی بداتە شازادەیەک یان کوڕە میرێک. تا وای لێ دێ لەبەر زۆریی خوازبێنی کاران بڕیاری ئەوە بدات و بڵێت:

"من هەرگیز کچەکەی خۆم بەشوو نادەم، گەر بشیدەم، دەبێ بیدەمە بەهێزترین مرۆڤی سەر ئەم دنیایە".

خزم و کەسوکاری بازرگان، کە ئەم قسەیان بەر گوێ دەکەوێت، دەچنە سەردانی و پێی دەڵێن:

"ئێمە لەبەرئەوەی خزم و کەسوکاری تۆین، ئەوەتا تۆش ئەم بڕیارەت داوە، کەواتە بۆ کچەکەت نادەیتە (خۆر)، خۆ کەس لەو بەهێزتر نییە و، تا بشڵێی مەزن و جوان و درەوشەدارە و، کەسیش توانای ئەوەی نییە تەنیا بۆ چرکەیەکیش چاوی تێ بڕێ و، سەیری سەر و سیمای بکات".

دیارە بازرگان ئەم قسەیەی بەدڵ دەبێ و، هەر زوو دەڕواتە سەربانی خانووەکەیان و، لە بەرزترین شوێندا دەوەستێ و لەگەڵ "خۆردا" دەئاخڤێ و دەڵێ:





"ئەی مەزنترین و بەتواناترین ئەستێرە، ئەی (خۆر)ی جوان و درەوشەدار، بۆ نایەی کچەکەم بخوازیت، تا منیش لێتی مارە بکەم؟!".

خۆریش لە وەڵامدا دەڵێت:

"گەورەم، بازرگانی سەر زەوی، دەبێ ببووری، چونکە تۆ بە دوای بەهێزترین کەسدا ئەودالی، من بەهێزترین کەس نیم لەم دنیایە، بگرە (هەور) زۆر لە من بەهێزترە، هەر ئەویشە ڕووناکی و سەر و سیمای من لەبەر چاوی خەڵکدا بزردەکا و دەشارێتەوە. وا چاکە داوا لەو بکەیت تا داوای کچەکەت بکات".

بازرگان ئەمجارەیان ڕوو دەکاتە هەور و، هەمان داوای لێ دەکات، هەوریش دێتە قسە و دەڵێت:

"من بەش بەحاڵی خۆم زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام وا باشە بچیتە لای دەریا، چونکە من لە ئاوی ڕووبار و دەریاکان دروست دەبم و، ئەویش لە هەموو شتێک بەهێزترە و، هیچ شتێک نییە توانای ئەوەی هەبێت خۆی لە بەردەم تەوژمی لافاوی دەریا و ڕووبارەکاندا بگرێت".

بۆ جاری سێیەم بازرگان ڕوو لە دەریایەکی گەورە دەکا و، هەمان داخوازیی پێشووی بەرەو ڕوو دەکاتەوە.

دەریا لە وەڵامدا دەڵێت:

"خاڵۆی بازرگان، ئەوەی ڕاستی بێ (بەربەست) زۆر لە من و لەوانەی وەکو منن بەهێزترە، چونکە هەر ئەوە بتوانێت ڕێگەم بگرێت و، نەهێڵێ بە هیچ لایەکدا گوزەر بکەم، باشە بۆ ناچیتە لای ئەو، بەڵکو دڵی نەرم بێ.

بازرگان (بەربەستێک) دەدۆزێتەوە و، هەمان داواکاری بەویش ڕادەگەیەنێ و، دەڵێت:

"ئەی لە دەریا و لە هەموو شتێکی ئەم سەر زەوییە بەهێزتر، بۆ نایەیت کچەکەم بخوازی؟".

(بەربەستەکە) گورج لە مەبەستی بازرگان تێ دەگا و، بەپێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

"خاڵۆی بازرگان، لە پێشەکیدا من زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام دەبێ ببەخشی، چونکە لەم سەر زەوییەدا شتی وا هەیە، کە زۆر لە من بەهێزترە".

بازرگان زۆر بەپەلە دەبێ و، خۆی بۆ ناگیرێ و دەپرسێ و دەڵێت:

"دەوەرە مەردی خوابە، پێم بڵێ ئەو کەسە کێیە و لە کوێ دەژی؟"

بەربەستیش بەزەییی پێدا دێتەوە و، دەڵێت:

"خاڵۆ گیان، ئەی گوایە نازانی، کە ئەو کەسە مرۆڤە، ئەو کرێکارەی، کە بەهێزی بازووەکانی بەردی چیاکان دەبڕێت و، ناخی دەریاکان هەڵدەدەرێ و، بەربەستی لێ دروست دەکات و، هەر ئەویشە کۆشک و تەلاری بەرز و گەورە بنیات دەنێت و، بەرەنج و ئارەقەی نێوچاوانی خۆی هەموو ئەم سامانانە بەرهەم دێنێت، کە من و تۆ و دەیان بازرگانی وەکو تۆ بازرگانیی پێوە دەکەن، بۆیە بەڕای من هەر ئەو کرێکارە شایەنی ئەوەیە کچەکەتی بدەیتێ".

– بازرگان دوای ئەوەی گوێی لەو وەڵامە دەبێ، دەگەڕێتەوە ماڵەوە بڕیار دەدات کچەکەی بداتە ئەو (مرۆڤ)ەی بەهێز و توانایە و، لە هەموو مرۆڤێکی سەر رووی زەوی و، لە هەموو شتێک بەهێزترە، هەر ئەویشە لە هەموو سەرمایەیەک بەنرخترە لەم جیهانەدا...



## کەروێشکە بچکۆڵانەکە دەبێ لەچی بترسێ

کەروێشکە بچکۆلانەکە دوای ئەوەی لە قوتابخانەی دارستان گەڕایەوە، دایکی خواردنی دایێ و لێی پرسی:

– قوتابخانەت چۆن بینی؟

– زۆر خۆشە و تیایدا فێری زانین دەبین.

– باشە کە بەنێو دارستانەکەدا بەرەو قوتابخانە تێ دەپەڕی، ڕێوی و گورگ ئازارت نادەن؟

– جا چییان پێ دەکرێ، خۆ ئەوان بەمن ناگەن، لە قوتابخانەیشدا من لە ڕاکردن لەپێش هەموو قوتابییەکانم.

– دایکە کەروێشک بە سەرسامییەوە سەرنجی بێچووەکەی دا و گوتی: هەڵبەتە لە ورچیش ناترسی؟

– نەخێر من ئێستا زۆر بەهێزم، چونکە لە قوتابخانەدا یاریی ئاسن بەرزکردنەوە دەکەم.

– کەوابێ لە ڕاوچی و سەگەکەشی ناترسی؟!

– جا بۆ لێیان بترسم؟ ئەی ئەوە نییە لە قوتابخانە فێرمان دەکەن، چۆن فێڵ لە ڕاوچی و سەگەکانیان بکەین.

– ئای چەند ئازابوویت! دیارە هیچ شتێ نەماوە لێی بترسی؟

– کەروێشکە بچکۆلانەکە هەردوو گوێچکەی لەقاند و، سەری بردە بناگوێی

دایکی و، بەدەنگیکی نزم پێی گوت:

"نەخێر دایکە گیان، هیچ شتێ نەماوە لێی بترسم، تەنیا شتێک نەبێت، ئەویش تەمەڵییە، زۆر لە تەمەڵی دەترسم".





# ڕێوی و کەڵەشێری دارستان

دەڵێن ڕۆژێکیان لەنێو دارستانێکدا کەڵەشێرێک لەسەر لقە دارێکی گەورەکە دەنیشێت و، دەست بەقوقاندن دەکات. لەپڕ ڕێوییەک بەوێدا ڕەت دەبێ و لە دارەکە نزیک دەبێتەوە و، بە کەڵەشێرەکە دەڵێت:

"هاوڕێ ئازیزەکەم، ئەم کاتەت باش، دەزانی هەر کە گوێم لە دەنگی تۆ بوو، خێرا هاتم تا هەواڵت بزانم".

کەلەشێرەکە:

"ڕێوی گیان، سوپاس بۆ ئەو قسە بەپێز و شیرینانەت".

ڕێوی لەژێر دارەکەوە وا خۆی نیشان دا، کە گوێی گرانە و، لە دوورەوە هیچ شتێ نابیسێ، گوتی:

"چیت فەرموو؟ کەلەشێر گیان دەبێ بمبووری لەبەرئەوەی لە من دووریت و، نەختێ گوێشم گرانە، هاوڕێ ئازیزەکەم بۆ نافەرمووی دابەزیتە خوارەوە، تا لەسەر ئەم گژوگیایە سەوزە نەختێ بۆ خۆمان دانیشین و، تاوێ گفتوگۆ بکەین. تۆ لەو بەرزییە و، من لەسەر زەوی ڕەنگە بەچاکی لە یەک حاڵی نەبین".

کەلەشێرەکە:

"ڕێوی گیان، دەبێ بمبووری، من ناوێرم دابەزمە خوارەوە، ئێمە هەمیشە لەسەر زەوی ڕووبەڕووی هەڕەشەی ترسناک دەبینەوە و، لە گیانی خۆمان دەترسین!".

ڕێوی:





"نەکا لە من بترسی؟!".

کەلەشێرەکە:

"نەخێر من لە تۆ ناترسم، بەڵام هەندێ دڕندەی تر هەن، بێگومان ئەوان جێگەی مەترسین".

ڕێوی:

"دڕندە... نا... نا، هاوڕێ گیان هیچ مەترسە، دڵنیابە کاتی ترس بەسەرچووە، لەوە دەچێ نەتزانیبێ لەم ڕۆژانەدا بانگەشەی ئەوە کراوە، کەوا دەبێ ئاشتی لە هەموو دنیادا بەرقەرار بێت. هەڵبەتە بەم پێیە ئێستا هیچ دڕندەیەک ناتوانێت پەنا بۆ دەستدرێژی ببات!!".

کەلەشێرەکە:

"ئای کە شتێکی جوان و پیرۆزە؛ بەڵام ڕێوی گیان حەز دەکەم ئەوە بزانی، کە من وا لێرەوە کۆمەڵە سەگێک دەبینم بەڕاکردن بەرەو ئێرەوە دێن، جا ئەگەر ئەوەی فەرمووت ڕاست بێ، ئەو بانگەشەیە کرابێت و، بارودۆخەکەی پێشان گۆڕابێت، کەواتە تۆش لە خۆت مەترسە و ڕامەکە".

ڕێوی لەژێر دارەکەدا بەم قسانەی کەلەشێرەکە و، هەواڵی هاتنی کۆمەڵە سەگێک ئارامی لێ بڕا و، خۆی بۆ ڕاکردن ئامادە کرد.

کەلەشێرەکە:

"ڕێوی گیان؛ بۆ واشڵەژاوی؟ دەڵێی خەریکی ڕاکردنی، ئەی هەر خۆت نەتگوت بانگەشەی ئاشتی کراوە، خۆ بەپێی بانگەشەکە بێ دەبێ سەگەکان پەلاماری تۆ نەدەن".

ڕێوی:



"کەلەشێرە گیان؛ جا کێ دەڵێ ئەوان گوێیان لەو بانگەشەیە بووە، یان هەواڵەکەیان پێ گەیشتووە، یان ئەگەر پابەندی نەبوون!".

ڕێوبیەکە هەر هێندەی وت و قسەکانی تەواو نەکرد، تێی تەقاند و، بەڕاکردن لە دارستانەکە دوور کەوتەوە.

کەلەشێرەکەیش لەبەرخۆیەوە گوتی:

"ڕێوی بۆ ئێمە جێی باوەڕ نییە. ڕاستیان گوتووە کە دەشخەوێ هەر خەون بەمریشک و کەڵەشێر خواردنەوە دەبینێ".

# قەلەڕەشکەی گەمژە

دەڵێن جارێکیان قەلەڕەشکەیەک و کۆترێک دەبێتە شەڕیان و لە ئاکامدا هەردووکیان پەنا دەبەنە بەو لەق لەقێک بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات و داوەرییان لە نێواندا بکات.

لەق لەقەکە دوای ئەوەی تێ دەگات ئەمانە بۆچی بە شەڕهاتوون، دادوەرانە دادگاییان دەکات و، لە ئەنجامدا کۆترەکە بێ گوناه دەردەچێت.

قەلەڕەشکە بەبڕیارەکە ڕازی نابێ و، بە لەق لەقەکە دەڵێت:

"من بەبڕیاری تۆ ڕازی نیم، دەچمە لای بازی دارستانەکە، بۆ ئەوەی ئەو لە نێوانماندا دادوەر بێت!".

لەق لەقەکە بەم قسانەی قەلەڕەشکە سەرسام دەبێت و، دەڵێت:

"قەلەڕەش! حەز دەکەم ئاگاداری خۆت بیت و تێ بگەی، ئەگەر من دەرهەق بەیەکێ لە ئێوە لە حوکمەکەمدا هەڵەم کرد بێت، ئەوە دڵنیابە کە بازەکەی دارستان دەرهەق بە هەردووکتان هەڵەی گەورەتر دەکات، هەردووکیشتان لە ئاکامدا زەرەرمەند دەبن".

قەلەڕەشکە بەقسەی لەق لەقەکە ناکات و، بەرەو دارستانەکە دەفرێت و، لەوێ بازەکە دەبینێتەوە.

کۆترەکە بەقسەی لەق لەقەکە دەکات و، لای ئەو دەمێنێتەوە و، هەردووکیان بەجووتە چاوەڕوانی گەڕانەوەی قەلەڕەشکەکە دەکەن. دوای چەند ساتێک بازەکە بەلایاندا ڕەت دەبێت و لەق لەقەکە لێی دەپرسێت و دەڵێت:





"بازەگیان؛ چەند ساتێک بەر لە ئێستا قەلەڕەشکەیەک بۆ کارێکی تایبەت، پەنای بۆ ئێوە هێنا؛ بەڵام تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، دەکرێ پێمان بڵێی کارەکەی بەچی گەیشت؟".

بازەکە لەوەڵامدا دەڵێت:

"بەڵێ... بەڵێ... وایە! قەلەڕەشکەکە هاتە لام؛ بەڵام کە هات کاتی ژەمی نیوەڕۆم بوو، برسی بووم و هیچ شتێکم شک نەدەبرد. پێم گوت: بەخوا لە کاتێکی باشدا هاتوویت و فریام کەوتی، وات کرد کە خۆم بەدوای خواردندا هیلاک نەکەم و نەگەڕێم".

کۆتر و لەق لەقەکە هەر زوو لە وەڵامی بازەکە تێ گەیشتن و زانییان ئەنجامەکە بەچی گەیشتووە.

لەق لەقەکە بەئەسپایی بەکۆترەکەی وت:

"ئیتر لە ئێستاوە بزانە، گەمژەترین کەس ئەو کەسەیە خۆی دەخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی زیان بەخەڵکی تر بگەیەنێت".



# ناوەڕۆک

*مریشکیش زێدی خۆی لەبیر ناکات* 5

*کچە جوانەکەی بازرگان* 8

*کەروێشکە بچکۆلانەکە دەبێ لەچی بترسێ* 12

*ڕێوی و کەلەشێری دارستان* 15

*قەلەڕەشکەی گەمژە* 19